# ئایا سامۆئێـــــل هانتیگتۆن ڕاســـــت – ی کرد ؟

نووسینی (گراهام فولەر) لەسایتی (موستەقبەلیات) ەوە وەرگێراوە وەرگێرانی بۆ کوردی ( ئەحمەد فاتیح محمەد)

سالآنێکە لێکۆلێنەوەکەی سامۆئێل هانتیگتۆن بە ناونیشانی ( پێکدادانی شارستانیەتەکان) جێگای باس و گفتوگۆکردن بووە لە هەریەك لە رۆژئاواو رۆژهەلآتی ناوراســـتدا. وکاتێك ئەم تیورە بەرەو بزربوون و توانەوە دەچوو، سەرلەنوێ هێرشەکانی (11) ی سێبتەمبەر رۆحی بەبەردا کردەوە. وگومانی تێدانییە لایەنگرانی پێکدادنی شارستانیەتەکان لە رۆژئاواو جیهانی ئیسلامیدا بوونیان هەیە. بەلآم ئەم جارە دەمانەوێت بریاربدەین باوەرمان بەم تیورە هەبێت یاخود نە ء بەردەوام هەلۆیستێکی دژم لە تیورەکەی هانتیگتۆن وەرگرتووە. وەلآمیشم لەسەر ئەو تیورە ئەوەیە : کێشمە کێش لە نێوان شارستانیەتەکاندا هەیە، بەلآم کێشەکە لە شارستانیەتەکاندا نیە بەلکو لە بەرژەوەندییە جیاوازەکاندایە. ململانێ و کێشمەکێشیش لە نێوان هەموو کۆمەلێکدا هەیە چ لە نێوان شارستانیەتە جیاوازەکاندا یا لە نێوان خودی شارستانیەتەکان خۆیاندا. سەیری جەنگی نێوان ئەوروپیەکان کە چەند سەدەیەکی خایاند. وهەروەها تیورەکەی هانتیگتۆن ناتوانێت راڤەی ئەو جەنگانە بکات، کەلە هەناوی شارستانیەتەکانی کۆنفۆشیوسدا بەرپابووە، وەك جەنگی نێوان چین و ڤێتنام نێوان یابان و کۆریا و نێوان ڤێتنام و کەمبۆدیا یا لەنێوان یابان و چین دا. تەنانەت موسولمانەکان لەسەدەی یەکەمی ئیسلامیدا لەنێوان خۆیاندا لەپێناوی دەسەلآت و زەوی و زار بەجەنگهاتوون. بۆیە بەهیچ شێوەیەك ناتوانیین ئەم ململانێیانە بەوە راڤە بکەین و بلێین بەهۆی جیاوازی شارستانیەت وئاینەکانەوەیە. چەند جەنگێك لەئەورووپا لەنێوان گروپە ئاینیە جیاوازەکاندا هەلگیرسا، بەشێکیان پرۆتستانت و بەشەکەی تریان کاسۆلیك، وەلێ کاتێك لەم جۆرە ململانێیانە دەکۆلێنەوە چەندین هۆکاری گرنگی لەپشتەوە دەبینین وەك: ململانێی ئابوری لەسەرزەوی، و لەسەر دەسەلآت و ململانێی شەخسی. . . هتد. وکاتێك مرۆڤەکان لەنێوان خۆیاندا دەجەنگن هەولّ دەدەن ئەوململانێیە بخرێتە قالبی کارێکی پیرۆزەوە. نالێین لەپێناوی بەرژەوەندییە ئابورییەکان و لەپێناوی زەویدا دەجەنگین، بەلکو باشتروایە بلێین بەناوی خوا، ویا ئەتنیکی بالآ (وەك نازییەکان) یا بەناوی هێزێکی مێژوویی و چینی کارگەر (وەك لای شیوعیەکان) یالەپێناوی پێودانگە مەسیحیدا (ئمپریالیزمی رۆژئاوا لەسەدەی نۆزدەهەمدا) دەجەنگین. زۆرینەی رۆژئاواییەکان تا (11) ی سێبتەمبەر بیروبۆچونەکانی هانتیگتۆنیان رەت دەکردەوە، بەلآم هەنوکە ئوسامە بن لادن سەر لەنوێ ئەم بابەتە دەوروژێنێت. زۆر لە نوسەرە رۆژئاواییەکان بەتایبەتی ئەوانەی تەنها کەمێك لە بارەی ئیسلامەوە دەزانن، دەلێین ئیسلام هەمیشە دوژمنایەتی رۆژئاوادەکات، ئەمەش ململانێی نێوان پێودانگەکانە. بەلآم لە راستیدا ئەمە ململانێی نێوان پێودانگەکانە) قیم) ؟ لە زۆربەی نوسینەکانمدا بەراشکاوانە گوتوومە زۆرینەی موسولّمانان سەرسامن بە پێودانگەکانی رۆژئاوا، بەتایبەتی پێودانگی سیاسی و هەروەها پێودانگی کۆمەلآیەتیش.

لەبەرئەوەی واشنتۆن هەمیشە نیگەرانە لەبلاۆبوونەوەی دیموکراتیەت لە جیهانی ئیسلامیدا بەهۆی ترس لە ئوسولّیەکان کەلەریّگای هەلّبژاردنەکانەوە دەسەلاّت بگرنە دەست، مەزندەدەکەم زۆرینەی موسولّمانان تورەن چونکە خوازیارن ئاشنایەتی لەگەلّ پیّودانگە سیاسییەکانی رۆژئاوا لە دیموکراتی و مافی مرۆڤ و ریّزگرتن لە پلورالیزم پەیدا بکەن لە کۆمەلّگاکاندا. لەبەرامبەردا هەندیّك لە موسولّمانان دەلّیّن ئیسلام بەتەواوەتی پیّودانگی رۆژئاوا رەت دەکاتەوە چونکە بە ماتریالیست و لادەر و باوەرنەبوون بە یاساکانی خودا ناوزەدییان دەکەن. چەند جاریّك سەرۆك بوش دووپاتی کردۆتەوە ئەم جەنگە دژی ئیسلام نیە بەلّکو جەنگە دژی تیرۆر. بەلاّم کۆمەلّیّك لە موسولّمانان گومانیان لەم بۆچوونەهەیە و باوەرییان وایە لەراستیدا ئەمە جەنگە دژی ئیسلام. و یەکیّك لەئامانجەکانیلاوازکردن و کۆنترۆلّکردنی جیهانی ئیسلامە. بەم جۆرە ئەم کەسانە بوونەتە پالّپشت و لایەنگری تیورەکەی هانتیگتۆن. هەروەها بزوتنەوەی تالّیبانیش لایەنگری ئەم جۆرە بۆچوونەدەکات، و خودی مەلا عومەریش رونیکردەوە جەنگ لە ئەفغانستان جەنگی نیّوان ئیسلام و کافرە. بەم شیّوەیەش مەلاعومەر لایەنگری هانتیگتۆنە بیّ ئەوەی بزانیّت. لەم سەردەمەدا جیهانی ئیسلام جاریّکی دی پیّویستی بەگفتوگۆیەکی جدی هەیە بۆ تیورەکەی هانتیگتۆن. کە ئایا موسولّمانەکان باوەرییان وایە ئەم جەنگە جەنگی نیّوان ئیسلام و کافرە؟و ئەگەر بەم شیّوەیە بیّت ئەوا ئایندەی دوارۆژی پەیوەندییەکانی نیّوان رۆژهەلاّت و رۆژئاوا تاریك دەردەکەویّت، چونکە ئەگەر پیّکدادانیّکی راستی لە نیّوان شارستانیەتەکان یان ئاینەکاندا هەبیّت، ئەوا مەحالّە چارەسەرکردنی ئەو کیّشەیەو ئالّوگۆرکردنی بۆچوونەکان. لەم کاتەدا ئیّمە رووەو پیّکدادان هەنگاودەنیّین، هەروەها ئەگەر موسولّمانان باوەرییان بە بوونی پیّکدادانیّکی حەتمی هەبیّت ئەوا ئەم پیّکدادانە بەراستی روودەدات. لە راستیدا دەبیّت یەکەم جار گفتوگۆلە ناو ئیسلام و خودی موسولّمانان دا بیّت، و ئایا باوەرییان وایە کە ئیسلام لەگەلّ کفردا پیّکدابدەن؟ یابەشیّوەیەکی دی رۆژئاوا کفر پیّکدەهیّنن؟ و کفر چیە؟ ئایا شمولّی مەسیحی و یەهودی، یا باوەردارانی هیندۆس و بوزییەکان دەکات ؟ سەبارەت بە هەندیّك لە وەهابییەکان، هەموو مەزهەبەکانی تر بە کافر دادەنیّن. بۆنمونە لە دیدی وەهابیەکانەوە شیعەکانیش کافرن، بەکورتی زۆرینەی مرۆڤ تەکفیر دەکەن. ئەمەش دوارۆژیّکی گەش نییە بۆ جیهانگیری ئیسلام. و ئایا حکومەت و کۆمەلّگاکانی ئیمرۆی رۆژئاوا بە سەرنەکەوتوو (فاشل) دادەنیّت بە بەراورد بە کۆمەلّگا و حکومەتە ئیسلامیەکان؟ ئەگەر بەم شیّوەیە بیّت، هیچ ئومیّدیّك بە هاوکاری و پیّکهاتنەوەنییە. ئەی سەبارەت بەو موسولّمانانەی لە رۆژئاوا دەژین، وبەئارەزووی خۆیان رۆژئاوایان هەلّبژاردووە ؟ بەشیّك لە نوسەرە موسولّمانەکان لە رۆژئاوا و بەشیّك لە نوسەرانی گروپی کۆچبەران لە ئینگلتەرا یا لە پەرلەمانی ئیسلامی لەبەریتانیا بە شیّوەیەکی جدی باس لەو کیّشانە دەکەن کە رووبەروی موسولّمانان دەبیّتەوە لە مالّی کفردا (لەرۆژئاوا). و گفتوگۆیەکی زۆر دەکریّت دەربارەی ئەوەی لە رووی شەرعییەوە رەوایە لە ناوەندە حکومیەکانی بەریتانیا و ولاّتە یەکگرتووەکاندا کاربکەن، یا لە هەلّبژارنەکاندا دەنگ بدەن. تا ئیّستا وتارو لیّکۆلّینەوەی دوورودریّژ هەیە کە پارتی تەحریر بلاّوی کردۆتەوە بە روونی ئاماژە

بەوە دەكات كە ديموكراتيەت لـەگەڵ ئيسلامدا ناگونجێت. ئيسلاميەكان ديموكراتي پەرلـەماني ڕەت دەكەنەوە چونكە ياساكاني دانراون و شەريعەتي ئيلاهي نين. تەنانەت بانگێشە دەكەن نابێت پاڵپشتي ئەو ياسايانەش بكەن كە لـەگەڵ ئيسلامدا دەگونجێت، چونكە ئەم سيستمەی ئەم ياسايانە دادەنێت سيستمێكي كافرە. دەزانم زۆر لـە موسولـٚمانان لـەگەڵ ئەم هەلـٚوێستانەدا يەكانگيرنين، و بە دلـٚنياييەوە موسولـٚماني كۆچبەر لە ڕۆژئاوا ديدێكي جياوازييان سەبارەت بە بابەتەكاني ئيسلام هەيە. هەروەها هێلـٚي گشتي لای زۆرينەی موسولـٚمانان وەك ( ئيخوان موسلـمين) لـەگەڵ ئەم بابەتانەدا يەك ناگرێتەوە. بەلاٚم ڕاستيەكي حاشا هەلـٚنەگرە ئەم جۆرە بابەتانە هەيە و بەشێوەيەكي فراوان لـەرێگای ڕۆژنامەئيسلاميەكان و ئەنتەرنێتەوە بلاٚودەبێتەوە. و زۆر جار ڕۆژئاواييەكان ئەوانەی ئيسلاميان خۆش ناوێت و شارەزاييان لـە ئيسلامدا نيە ياخود ئەوانەی بەهۆی ئەو جۆرە بيركردنەوانە لـە ئيسلام دەترسن ئاماژەی پێدەدەن. بەلـٚێ پێويستە لـەسەر ڕۆژئاواييەكان تا فێری ئيسلام دەبن ولـێي تێدەگەن هەولـٚي زۆر بدەن، بەلاٚم كام ئيسلام؟ و ئيسلامي كێ؟ تا ئێستا ڕۆژئاواييەكان گرنگي بەوە ئيسلامە راديكالـٚييە دەدات كە لـەرێگای كارەكاني ئوسامە بن لادنەوە پێي هەلـٚستاوە. ڕەنگە موسولـٚمانان مشتومڕبكەن كە ئەوە ئيسلامي ڕاستەقينە نيە ، بەلاٚم ئەم جۆرە لـە بيرورا زۆر لـە موسولـٚمانان و ئيسلاميەكان بانگێشەی بۆ دەكەن نەك ئوسامە بن لادن بەتەنها. زۆرينەی ئەو موسولـٚمانانەی ئەم بۆچونەيان هەيە بەهيچ جۆرێك تيرۆريست و توندرەونين بەلاٚم تێروانينێكي لادەريان هەيە. ئەمەش بەهۆی بێ ئومێدی لـە ڕۆژئاوا و حكومەتەكانيان، بەلاٚم ئايا زۆری ئەم تێڕوانينە توندرەوانە دەبێتە هۆی سەركەوتنێكي گەورە بۆ جيهاني ئيسلامي و نەتەوەی ئيسلام ؟هيوادارم جيهاني ئيسلامي هەلـٚستن بە گفتوگۆكردنێكي قولـٚي ئەم بابەتە لـەم سەردەمەيەكلاييكەرەوەو گرنگەی پەيوەندی نێوان ڕۆژهەلاٚت و ڕۆژئاوا. ئايا موسولـٚمانان خوازيارن تيورەكەی سامۆئيل هانتيگتۆن قبولـٚ بكەن ؟ ئايا هانتيگتۆن و مەلا محمد عومەريش هەردوكيان يەك شت دەلـٚێن؟

ahmadfath@yahoo. com
http://join. msn. com/?page=features/junkmail

## تێبينی كوردستان نێت:

مەرج نيە ئەم نووسينە لـەگەڵ بير و بۆچونی نەتەوايەتيماندا بێت، كە بۆچونە (كوردستان نێت)ە، بەلاٚم بەهۆی برِوا بوونمان بە ئازادی دەربرِينەوە، بلاٚويدەكەينەوە. لـەگەڵ ڕێز و خۆشەويستيماندا بۆ پارێزەرانی بيری نەتەوايەتی و خەباتكارانی ئەم ڕێگەيە.
ئەم تێبينيە لـە ژێر هەموو نووسينێكدا دەنووسرێت. . . . . 15-1-2 . . 3